# ڕاپەڕینی خەڵكی قیرغیزستان : ئەلقەیەك لە شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەكانی جیهان , ئێمە بۆ كەی ؟؟

عەلی مەحمود محەمەد-28-3-2005




## كورتەیەك لەسەر قیرغیزستان




ڕوپێوی قیرغیزستان **198,500** كم دووجایە , دابەش كراوە بەسەر **7** ولایەتا, تەنها **7,1**٪ زەوی ئەم وولاتە بە كەڵكی كشتوكاڵ دێت , زۆربەی ڕوپێوەكەی **90**٪ لە چیای بەرز و بیابان پێك هاتووە . جیپۆلیتیكی شوێنەكەی گرنگە , بە تایبەت هاوسنورییەكەی لەگەڵ چیندا , سەرە ڕێی بەیەك گەیشتنی ئۆزبەكستان , كازاخستان , چین , پاكستانە .لەگەڵ چین **858** كم , تاجیكستان **870** كم , كازاخستان **1050**كم , ئۆزبەكستان **1099** كم هاوسنووری هەیە . بۆیە ئەگەر لە هەموو كێشەكانی پێشوتری ناو وولاتانی سۆڤیەتی پێشوو چین تەماشاكەر بوو بێت , ئەوا لەم كێشەیە بە تەماشاكەری نامێنێتەوە دەبێتە یاریكەرێكی سەرەكی لەم گەمە سیاسییە , بۆیە زوو یان درەنگ دێتە ناو یاریەكەوە .

ژمارەی دانیشتوانی قیرغیزستان 5,081,429 کەسە , بە گەشەی ساڵانەی 1,25٪ لە ساڵی 2004 .

ڕێژەی تەمەن 67,84 ساڵە , ژنان 72,05 ساڵ و پیاوان 63,84 ساڵ .

وولاتێکی فرە نەتەوەیی و فرە ئاینییە , پێکهاتەی نەتەوایەتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە : 64,9٪ قیرغیز 13,8٪ ئۆزبەك , 12,5٪ ڕووس , 1٪ ئۆکراین , 1٪ ئۆگۆر (تورکی چینی), 0,9٪ تەتەر , 0,3٪ئەڵمان و ... هتد . هەرچی پێك هاتەی ئاینییە

70٪ دانیشتوانەکەی ئیسلامی حەنەفین , 20٪ کریستانی ئەرسەزۆکسی ڕوسی , 10٪ ئایەکانی کەن . ئاستی خوێنەواری لەم وولاتە بەرزە لە ناو ژنان 98٪ و لە ناو پیاوان 99٪ , بە شێوەی گشتی 98,7٪ خەڵکەکەی خوێنەوارن , هەرچەندە قیرغیزستان دواکەوتوترین وولاتی سۆڤییەتی پێشوو بوو .

64,6٪ دانیشتوانەکەی شار نشیینن و 33,6٪ لادێنشینن ,52,4٪ هێزی کاری ئەم وولاتە لە کەرتی کشتوکاڵ کاردەکەن , 11,6٪ لە کەرتی پیشەسازی و 36٪ لە کەرتی خزمەتگوزاری , کۆی هەمووی 2,7 ملیۆنە.

بەرهەمی نەتەوەیی ئەم وولاتە ساڵی 2001 گەیشتە 1,5 ملیار دۆلار بە گەشەی ساڵانەی 5,3٪ , ساڵی 2002 گەیشتە 1,632 ملیار , ساڵی 2003 گەیشتە 1,37 ملیار دۆلار , لە ساڵی 2003دا ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی بەرهەمی نەتەوەیی وولات 6,7٪ بوو , بەڵام بە گوێرەی هێزی کڕینەوە بەرهەمی نەتەوەیی 6,7 ملیار دۆلار بوو لە هەمان ساڵدا .

بەڵام بێکاری لە ساڵی 1999 ڕێژەی 7,2٪ بوو , لە ساڵی2001 بەرز بوەوە گەیشتە 9٪ . بڕی قەرزاری وولاتیش 1,6 ملیار دۆلار بوو لە ساڵی 2001 , لە ساڵی 2003 گەیشتە 1,8 ملیار دۆلار , بە گوێرەی داهاتی نەتەوەییەوە ئەم وولاتە لە وولاتە زۆر قەرزارەکانی جیهانە .

لە ڕوی ژێرخانی ئابورییەوە وولاتێکی دواکەوتووە , هەردوو کەرتی پیشەسازی و خزمەتگوزاری بەشدارییان کەمە لە کۆی ئابوری وولات , لە ساڵی 2003دا کەرتی کشتو کاڵ 38,7٪ و پیشەسازی 22,6٪ و خزمەتگوزاری 38,4٪ ی ئابوری وولاتییان دیاری کردووە , ڕێژەی بەشداری کشت وکاڵ لە ئاستی جیهاندا 4٪ ە .

50٪ دانیشتوانی قیرغیزستان لە ژێر هێلی هەژارییەوە دەژێن , خەڵکی باشور لە چاو باکورەوە هەژارترن, لە کاتێکدا لە پێش ساڵی 1991 ئەم هەژاری و جیاوازی لە داهاتە بوونی زۆر کەم بووە , گواستنەوەی ئابوری لە ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی سەردەمی بەناو سۆسیالستییەوە بۆ سەرمایەداری بازاڕی ئازاد جگە لە هەژاری و دواکەوتن هیچیکەی بە دیاری نەهێناوە بۆ ئەم گەلە . 10٪ هەژارترین بەشی دانیشتوان خاوەنی 3,2٪ سامانی ولاتن , بەڵام 10٪ی دەوڵەمەندترین خاوەندی 27,5٪ داهاتی وولاتن (بەگوێرەی ئاماری ساڵی 1997) ,ئێستا جیاوازیی لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان زۆر زیاترە ,قەڵەشی نێوان باری ژیانی هەژاران و دەوڵەمەندان فراوانتر بووە , هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوونە .

لەسەردەمێکدا لە جیهان تەلەفزیۆن و ڕادیۆ چۆتە هەموو ماڵ و شوێنێکی گشتییەوە , کەچی لەم وولاتە کە ماوەیەك لەمەو بەر بەشێك بوو لە وولاتێکی زل هێزی جیهانی , هەر 1000 کەس 49یان تەلەفزیۆن و

112ەش ڕادیۆییان هەیە , لە هەزارا 29,82 کەس ئەنتەرنێت بەکار دەهێنێت , ئەوەش بەشی هەرە زۆری لە شوێنە گشتییەکان .

قیرغیزەکان گەلێکی ڕەوەند بوون پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر , دوور بوون لە شارستانییەت و خوێنەواری و شارنشینییەوە . لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە ڕوسیای قەیسەری ئەم دەڤەرەی خستە ژێر قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتی خۆیەوە . پاش سەرەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران و چاکسازی کشت و کاڵی بووە هۆی ئەوەی قیرغیزەکان لە شارەکان نیشتەجێ بن و گۆڕانکاری ڕیشەیی بێت بەسەر باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابورییان بێت , لە ڕەوەندییەوە یەکسەر بگۆڕێن بۆ شارنشینی . لە ساڵی 1926 کۆماری سۆسیالستی قیرغیزستان ڕاگەیەنرا , لە ساڵی 1991 لە سۆڤییەت جیا بوەوە .

قیرغیزستان خاوەند یەدەکێکی زۆری هێزی ئاوە کە بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا بەکاردەهێنرێت , هەروەها خەڵوز , نەوت , گاز , زێڕ. خاوەند چەند پیشەسازییەکی سادەیە وەك دروستکردنی دینەمۆی کارەبا و چەمەنتۆو کەرەسەی بیناسازی و شوشە . ساڵانە 13,45 ملیار کیلۆ وات کارەبا بەرهەم دەهێنێت بە گوێرەی ئاماری ساڵی 2001 , کاربوردی ناوخۆی 10,46 ملیار کیلۆ واتە , واتە بەرهەمی کارەبای لە پێداویستی خۆی زیاترە و بەشێکی دەفرۆشێت بە دەرەوە , ئەم پیشەسازی و تۆڕی کارەبایە هەمووی پێش 1991 بنیات نراوە , لە دوای نەمانی سۆڤییەتەوە حکومەتی نوێ جگە لە داخستنی کارگە دەوڵەتییەکان هیچی کەیان نەکردووە .

کۆی ناردەی وولات 485,5 ملیۆن دۆلارە , 16,2٪ بۆ ڕوسیا و 8,8٪ بۆ چین , هەرچی هاوردەیە بایی 586,7 ملیۆن دۆلارە , لە ڕوسیا 19,5٪ و چین 10٪ و کازاخستان 21,5٪ . لە ساڵی 1990 ڕێژەی ناردە بۆ وولاتانی سەر بە یەکێتی سۆڤییەت 98٪ی ناردەی وولاتی پێك دەهێنا .

لە ساڵی 2003 داهاتی دەوڵەت 371,5 ملیۆن دۆلار بوو , هەرچی خەرجیی دەوڵەتە 387,1 ملیۆن دۆلار بووە .

ئەمەو ژمارەی قیرغیزستان بە گوێرەی لیستی گەشەپێدانی تاك لە ساڵی 1998 لە ژمارە 98دا هاتووە لە کۆی 174 وولات .

## ئیسلام دوا ڕۆژی لەم وولاتە



خەڵكی قیرغیزستان لە سەدەی 12 ەوە بوونە بە ئیسلام , لە ساڵی 1928 ەوە پیتەكانی نووسین لەم وڵاتە لە عەرەبییەوە گۆڕاوە بۆ پیتی لاتینی و دواجاریش گۆڕا بۆ پیتی ڕوسی . لە سەرەتای هەزارەی دوودا ,

2000 ئیسلامی سەر بە قاعیدە لە ڕێگای تاجیكستانەوە گەڕانەوە بۆ قیرغیزستان , بە نیازی دامەزراندنی وڵاتێكی ئیسلامی لە چەشنی تالیبان لە ئۆزبەكستانی خۆرهەلات بە هاوكاری قاعیدە , بەلأم هەولەكەیان بە نەزۆكی مایەوەو بەری نەگرت . بەلأم دەبێت دوای ئەم هەرج و مەرج و بۆشایی سیاسییە جارێك كە شانسی خۆیان تاقی نەكەنەوە لەم وڵاتە ؟؟ , ئایا زەمینەی ئەوە لە بارە بیكەنە عێراقێكی كە , سەرزەمینی ئەم وولاتە دەبێت بە پیت بێت وەك سێكوچكەی سونی ؟؟؟ .

تاكە هێزی ئیسلامی لەم ناوچەیە(ئاسییای ناوەڕاست) چالاك بێت حزبی تەحریرە , ئەمانەش گروپێكی توندڕەون و باوەڕییان بە زیندوكردنەوەی دەسەلأتی خەلافەت هەیە. هەر جولەو چالاكییەكی ئەمان بەرەو ڕووی ناڕەزایەتی ئەمەریكا و ڕوسیا و هێزە عەلمانییەكانی ناوخۆو 30٪ دانیشتوان كە نا موسڵمانن دەبێتەوە , سەرباری ئەوەی ئیسلامی سیاسی تەنها لە ناو ئۆزبەكەكانی قیرغیزستان بوونی هەیە , ئۆزبەكەكانیش 13,8٪ دانیشتوان پێك دەهێنن كە لە باشوری ڕۆژئاوای وولات دەژێن . هەرچی قیرغیزەكانە پەیوەندییان لاوازە بە مزگەوت و تەكییەو سۆفی و مشایەخەوە , خەكەكەی تا ئێستا پەیوەندی ڕەوەندییان هەیە , ئیلتزامییان لاوازە بۆ تقوساتی ئاینی و زۆرییان لەژێر كاریگەری بیری عەلمانی و سۆسیالستیدان . جگە لە ئۆزبەكستان لە هیچ 5 وولاتەكەی كەی وولاتانی ئاسیای ناوەڕاست شانسی گەشەی ئیسلامی سیاسی نییە , هەرچەندە لە تاجیكستان نەهزەی ئیسلامی توانی 7,5٪ دەنگەكان و 2 كورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت , ئەمانیش زیاتر لە ژێر كاریگەری بیری سۆفییەتیدان نەك ئیسلامی ڕادیكاڵی وەهابی , بۆیە دەتوانیین بلێین شانسی هاتنە مەیدانی ئیسلامی سیاسی و كەڵك وەرگرتن لەم هەلومەرجە لاوازە , بەلأم دەكرێت لەناو ئۆزبەكەكانی قیرغیزستان ببنە هێزێك لە هێزەكان .

## ڕاپەڕین




له شاری ئوشەوە ڕابوون دژ بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی قیرغیزستان دەستی پێکرد (ئوش دووەم شاری قیرغیزستانەو لەو شوێنە جوگرافییای وولات دەبێت بە دوو شێوەوە ) , سەرۆك عەسکەر ئەکایف بڕیاری دا چاوێك بە ئەنجامەکانی هەڵبژارن بخشێنێتەوە , بەڵام ئۆپۆزسیۆن درێژە بە ناڕەزایەتییەکانییان دەدەن و گوێی لێ ناگرن . سەرەتا ناڕەزایەتی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بوو. ڕاپەڕین تەشەنەی کرد بۆ شاری جەلال ئاباد پاشان بەشکیکیشی گرتەوە , خۆپیشاندانەکان بە ئێستاشەوە سنوردارن لەچەند دەهەزارێك تێپەڕییان نەکردووە , سەرۆك بەرگەی نەگرت و هەڵات شۆڕشی نێرگزیی سەر کەوت .

ڕژێمی عەسکەر ئەکایف وا بە خێرایی ڕوخا , تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش پێش بینی وای ناکرد , خۆی بۆ گۆڕانکاری وا گەورە و کتوپڕ ئامادە نەکردبوو . دەسەڵاتدارانی ئاسیای ناوەڕاست کە بە دوای هەڵوەشانەوەی سۆڤییەت هاتنە سەر حوکم , دەسەڵاتدارانی تاکڕەو و خێزانی و عەشایەرین , قیرغیزیاش دواکەوتووترین وولاتیانە . عەسکەر ئەکایف لە ساڵی **1991** وە دەسەڵاتدارە لەم وولاتە , تا ئێستا دوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کراوە تیایدا سەرکەوتوو بووە , لە دوایینییاندا کە لە **29** ی ئۆکتۆبەری **2000** ئەنجامدرا **74,4**٪ دەنگەکانی هێنایەوە , ئەو ڕێژەیەش بۆ سەرکردەیەك لە وولاتێك وەك قیرغیزستان نۆرماڵە .






لە سەرەتای ڕاپەڕینا هێرش کرایە سەر ڕوسەکان کە **12,5**٪ دانیشتوانی وولات پێك دەهێنن , بەڵام زیاتر هۆکاری هێرشەکان تاڵانی بوو نەك هۆکاری سیاسی . دەوڵەمەندەکانی شار هەڵدێن لە ترسی تاڵان , دوکانی چینییەکان تاڵانە کرێت و **5** کەسیشییان بریندارە بن , حکومەتی چین بڕیارە دات چینیەکان سەردانی ئەم وولاتە نەکەن , زیانی تورکەکان گەیشتە زیاتر لە **20** ملیۆن دۆلار , **119** تورکیایی بە فڕۆکە گوازرانەوە,کاروانی دووەمیش **123** تورکی کەیە خۆیان ئامادە کردووە وولات بەجێ بهێڵن .

لە کۆی ڕوداوەکان **5** کەس کوژراو سەدانیش بریندار بون , **50** کەسی کەش گیرا , هەر ئەمەش وای کرد , سەرۆکانی ئۆکراین و جۆرجیا بەیاننامەی هاوبەش دەربکەن و نیگەرانی خۆیان دەربڕن لە بەرامبەر ئەم کردارانە , شۆڕشی ئەوان خوێنی تێکەوت , ترسی ئەوە هەبوو شۆڕشەکە بە خوێن سور بێت .

## شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان



پێی دەچێت سەدەی بیست و یەك سەدەی شۆرشە ڕەنگاوڕەنگەکان بێت , شۆڕشی گوڵ لەساڵی **2003** سەری ئیدوارد شیفەرنادزەی دۆستی ڕۆژئاوای خوارد , ساڵی **2004** نۆرە گەیشتە ئۆکراین شۆڕشی پورتەقاڵی سەر کەوت , بەڵام سەرکەوتنی ئۆکراین بەرژەوەندی ڕوسییای یەکلایی نەکردەوە لەو وولاتە , بەهۆی بوونی کەمایەتییەکی گەورەی ڕوسی لە بەشی خۆرهەڵات , کە شادەماری ئابوری وولات بە دەستیانەوەیە , هەروەها بوونی هێزی چەپی بەهێز کۆمۆنیست و سۆسیالستەکان ڕێگرن لەبەردەم نەخشەکانی ڕۆژئاوا .

عەسکەر ئەکایف پێش شۆڕش ووتی: دژە ڤایرۆسی شۆڕشمان ئامادە کردووە , بەڵام کە دەستی پێکرد نەیتوانی تەنانەت یەك ڕۆژ بەرگری بکات , دژ ڤایرۆسی لەگەڵ خۆیا بە دوو قۆناغ گواستەوە بۆ ڕوسیا . شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان هەرچەندە دژ بە گەندەڵی ئەنجامدران , بەڵام خۆی بە گەندەڵی لە دایك بوو ,گوڵەکەی بۆگەنی کردووە , لە ئۆکراین ئەوەی ئالآی پرتەقاڵی هەڵگرتایە **50** دۆلاری وەرە گرت , ئەوەی خێمەشی هەڵدایا و شەوی بە ناڕەزایەتی ببردایەتە سەر ئەوا **200** دۆلاری خۆی حەڵاڵە کرد . خواردن و خواردنەوە و جگەرە مەزەی شۆڕشن لەم ڕاپەڕینانە , بێ ئەمانە ئەم شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگانە ناگەن بە ئەنجام .

شۆڕشی گوڵی و پرتەقاڵی و لیمۆنی نۆرەی خۆیان وەرگرت و نۆرەی ڕەنگەکانی کەیە , دەسەڵاتداری گەندەڵ و دکتاتۆر لە پانتایی جیهان دەسەڵاتدارن و چاوەڕوانی شۆڕشن , ئەم شۆڕشانە نۆرەی خۆیان بە هەندێك شۆڕشی سوریش دەدەن لە داهاتوودا , بۆیە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکان هەمووی لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادا بێت .

## ململانێی دەوڵەتان



پۆتین پێشتر دژ بە گۆڕانکارییەکان جۆرجیاو ئۆکراین بوو , بەڵام زوو سەری ڕەزامەندی بۆ گۆڕانکارییەکان قیرغیزستان ڕاوەشاند و ووتی: ئێمە ئۆپۆزسیۆن دەناسین , لە ڕابردوودا کارمان پێکەوە کردووە , زۆربەیان پەیوەندییان باشە لەگەڵ ڕوسیا . هاوکات ڕوسیا مافی پەنابەری سیاسی دا بە سەرۆکی پێشوو , بەمەش پەیوەندی خۆی وەك مەرجەعی هەردوولا هێشتەوە .
ڕوسیا پایگایەکی سەربازی لە نزیك پایتەختە کە 500 سەربازی تێدایە , هاوکات لە دوای ڕوداوەکان سێپتەمبەرەوە سەربازگای ئەمەریکیش لە ئۆزبەکستان لە نزیك پایتەختە .
باکاییفیش سەرکی نوێ ووتی: لە ڕوسیا دوور ناکەوینەوە بەڵکە پەیوەندییەکانمان باشترە کەین .
وەزیری ناوخۆی نوێ ووتی : ڕوسیا نەوت و کارو بەنزینمان دەداتێ , ئەمەریکاش دۆلار , نیوەی بودجەی دەولەت لەو کرێکارانەوە دێت کە لە ڕوسیا کارە کەن , ئێمە ناتوانین بە لایەکییان بلێین بڕۆن .
قیرعیزستان ئەندامی ڕێکخراوی شەنگەهایشە , بڕیار وابوو ئەم هەفتەیە ڕوسیاو قیرغیزستان و تاجیکستان و کازاخستان مانۆڕێکی ئەزموونی سەربازی هاوبەش لە قیرعیزستان ئەنجام دەن , بەڵام بەهۆی ڕوداوەکان قیرغیزستانەوە دواخرا بۆ مانگی داهاتوو گوازراشەوە بۆ تاجیکستان .

**لە هاوکێشەکان ڕابردوو , چین بەشێك نەبوو لێیان , بەڵام قیرغیزستان بەهۆی پەیوەندی ئابوری و سنوری بەربلاوی هاوبەش لە گەڵ چین و بوونی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بەهێز تیایدا , وا دەکات لە ناو ئەم هاوکێشە نوێیە بێت و لێی دورنەکەوێتەوە , ئەگەری ئەوە هەیە دوای گۆڕانکارییەکان نفوزی لەم وولاتە زیاتر بێت .**

## وولات بەرەو کوێ



بەگوێرەی یاسای قیرغیزستان ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبێت سەرۆك وەزیران شوێنی دەگرێتەوە , ئەگەر ئەویش نەبێت سەرۆکی پەرلەمان شوێنی دەگرێتەوە . باکاییف کە سەر بەبەرەی گەل و سەرۆك وەزیرانی

پێشووه , پەرلەمان هەڵی بژارد بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرۆك بە وەکالەت , هەروەها پاڵێوراوه بۆ پۆستی سەرۆکایەتی لە 26ی حوزەیرانی داهاتوو . دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کۆن دەنگییان بۆی دا , لە بەرواری 28–3 بە کۆی گشتی 58 پەرلەمانتاری ئامادە بووی پەرلەمانی نوێش دەنگییان بۆی دایەوە بۆ هەمان پۆست .

ناوبراو پاش خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2002 کە تیایدا تەقە لە خۆنیشاندەران کرا , خەریك بوو ئاکامەکەی بگاتە شەڕی نەتەوەیی نێوان قیرغیز و ئۆزبەك وازی هێنا لە سەرەك وەزیرانی .

ئێستا لەم وولاتە دوو پەرلەمان هەیە , هەرچەندە لە دواکۆبونەوە کە لە 28–3 ئەنجامدرا شەرعییەت بە پەرلەمانی نوێ درا , هەر ئەو پەرلەمانە کە کێشە لەسەر هەڵبژاردنەکەی ڕاپەڕینی بەرهەم هێنا , شەرعییەتی یاسایی پێدرا , پاش ئەوەی قایل بوو بە هەڵبژاردنی باکییف بە سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار بە لەجیاتی , ئەم هەنگاوەش بۆ یەکێتی پێویست بوو .

داگای باڵا لایەنگری لە پەرلەمانی کۆن و لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لایەنگری لە پەرلەمانی نوێ دەکات , هەرچەندە بە بڕوای ئەوان کێشە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن لە 10 ناوچە هەیە نەك هەموو . هەردوو پەرلەمان هەریەکەی لە هۆڵێك کۆبونەوەی خۆیان ئەنجام دا . دوو پەرلەمانی ئەنجامی ئەوەی لێدەکرێت بگات بە دوو سەرۆك تەنانەت دوودەوڵەتیش , بەڵام پێی دەچێت بە سەرکەوتنی یەکجاری پەرلەمانی نوێ ئەنجام بشکێتەوە . ترس لە شەڕی ناوخۆیی و دابەش بونی وولات هێشتا هەیە.

باکایف شوێنی چاوپێکەتنە ڕۆژنامەنوسییەکەی خۆی گۆڕی لە بەرواری 27–3–2005 لە ترسی نەیاران . سەرۆکی پەرلەمانی نوێ ڕایگەیاند هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی شەرعییەتی نابێت تا سەرۆك عەکایف دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕانەگەیەنێت . پێی ناچێت سەرۆکی کۆنیش وا بە سانایی شەرعییەت بە هەڵبژاردنی نوێ بدات , لەم کێشمە کێشە دەبێت شۆڕشی نێرگز بە کوێ بگات ؟ , سەردەگرێت وەك جۆرجیا و ئۆکراین یان ئەنجامی وەك فەنزویلای لێدەکەوێتەوە , بەڵام ئەکایف وەك شافێز خاوەند جەماوەر نییە , بۆیە شانسی دووەم لاوازە بۆ ئەو .



## یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی قیرغیزی



پەرلەمانی قیرغیزی لە 75 ئەندام پێك دێت ، تەنها 25٪ کورسییەکان بۆ دەنگی پارتە سیاسییەکانە ، 75٪ ی بۆ دەنگە تاکەکانە ، ئەمەش ڕێگری لەبەردەم پارت ولایەنەکان دەگرێت بچنە پەرلەمانەوە و تایبەتمەندی نا دیموکراسی پێ دەبەخشێت, بۆیە یاسای هەڵبژاردن دوورە لە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵك و ئارەزوو ویستە سیاسییەکانییان ، ئەم یاسایە لە خزمەت دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانە .

## ڕاگەیاندنی کوردی هەڵوێست لەسەر گۆڕانکارییەکانی قیرغیزستان

ئەوەی من خوێندمەوەو بینییم ، ڕۆژنامە کوردییەکان بە شەوقەوە هەواڵەکەیان وەرگرت ، شیکردنەوەی خۆیان لەسەر ئەو بنچینەیە دا کە ئەمە دوا ڕۆژی هەموو دەسەڵاتێکی گەندەڵ و دکتاتۆر و بنەماڵەییە ، وەك ئەوەی لە ناو ئەو پارتانەی ڕۆژنامەکانییان ووتارەکانییان بڵاوکردۆتەوە ، پێویست بە گۆڕانکاری نەکات ، دیموکراسی سەرتاپای پارتەکەیانی گرتبێتەوەو هەر چەند سالّ جارێك سکرتێر دەگۆڕێت و ئابوری حیزب و وولات بۆ هەمووان ڕونە و کەس و بنەماڵە کۆنترۆلّییان نەکردبێت ، بەلاّم من دەڵێم سەردەمی نوێ سەردەمی شۆڕشە خێراکانەو دەست نەکردەوەی دەسەڵاتداران خەریکە ببێتە نەرێتی باوو ، هەژاران بەم شۆڕشانە هیچ لە دەست نادەن ، بەڵکە لە سەما بۆگوڵ نزیك دەبنەوە ، کوردستانیش لە ڕابونێکی جەماوەری واوە نزیکە ، بەلاّم ڕەنگەکەی جارێ دیار نییە .





گەورەرین کۆبونەوەی جەماوەری لە ژێر تیمسالەکەی لینیندا ئەنجامدرا .

## ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوو

**Mvizam Chvgaruu Jvivnv: 20 februarv 2000 and 12 march 2000** (64.4 **% 60**

%)

| | | | |
|---|---|---|---|
| Partija Kommunistov Kyrgyzstana | PKK | 27.7 | 5 |
| Sojuz Demokratičeskich Sil | SDS | 18.6 | 4 |
| Demokratičeskeskaja Partija Ženščin Kyrgyzstana | DPŽK | 12.7 | 2 |
| Političeskaja Partija Veteranov Vojny b Afganistane i Učastnikov Drugich Lokal'nych Bojelych Konfliktov | PPVVAA | 8.0 | 2 |
| Socialističeskaja Partija Ata Meken | AM | 6.5 | 1 |
| Političeskaja Partija "Moja Strana" | MS | 5.0 | 1 |
| Progressivno-Demokratičeskaja Partija "Erkin Kyrgyzstan" | ERK | 4.2 | - |
| Agrarno-Trudovnaja Partija Kyrgyzstana | ATPK | 2.5 | - |
| Argarnaja Partija Kyrgyzskoj Respublik | APKR | 2.4 | - |
| Izbiratel'nyj Blok Manas | Manas | 2.4 | - |
| Partija Nacional'nogo Vozroždenija "Asaba" | Asaba | 1.5 | - |
| Elected as non-partisans | - | - | 45 |

Source: Central Election Committee/IPU.

## هێزەکانی چەپ لە کیرغیزستان

| PARTY | | | PERIODICALS | CONTACT | IDEOL. | INTERNAT. | ELECTION Parl. '00 | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Agrarian Labour Party of Kyrgyzstan** *unofficial* | Agrarno-Trudovaya Partiya Kyrgystana | ATPK | | | soc. dem. | | 3.13% | f. 1994 |
| **Communist Party of Kyrgyzstan** | Kommunisticheskaya Partiya Kyrgyzstana | KPK | Kommunisty Kyrgyzstana | Tel.: +996312-222580 | stal. | KPSS[OS] | no part. | f. 1999 as split from PKK |
| **Party of Communists of Kyrgyzstan** | Partiya Kommunistov Kyrgyzstana | PKK | Pravda Kyrgyzstana | Tel.: +996312-223991 | com. | SKP-KPSS | 35.24% | f. 1992 |
| **People's Patriotic Movement** | Narodno-Patrioticheskogo Dvizheniya | NPD | | | | | no part. | f. 2001 by ATPK, KPK, PKK, Ata-Meken and centrist parties |
| **Social-Democratic Party of Kyrgyzstan** | Sotsial-Demokraticheskaya Partiya Kyrgyzstana | SDPK | | Tel.: +996312-530001 | | | 23.75% for Union of Democratic Forces | f. 1993 |
| **Socialist Party Fatherland** *unofficial* | Sotsialisticheskaya Partiya Ata Meken | Ata Meken | | Tel.: +996312-221407 | soc. dem. | | 8.25% | f. 1992 |